# ناگۆرنی قەرەباخ؛ پرۆژەی جەنگێکی نوێی داعشیی، بۆ دەستخەڕۆکردنی روسیا

جۆرج حەداد

نووسەر و رۆژنامەنووسی ئەردەنیی

FOCUS

## كێشەی ناگۆرنی قەرەباخ

ساڵی 1988 کێشەی ناوچەی (ناگۆرنی قەرەباخ) کە حوکمی زاتی وەرگرتبوو، سەری هەڵدا، چونکە ئەو ناوچەیە لەڕووی جوگرافیاوە دەکەوێتە ناو رووبەری ئازەربایجان. بەڵام %95ی دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی ئەرمەنە و لە رووی سیاسی و کولتوری و ئاینیەوە بە ئەرمینیاوە گرێدراوە. بە درێژایی پێنج هەزار ساڵی رابـردوو ناگۆرنی قەرەباخ بەشێکی جیانەکراوەی ئەرمینیا بووە. لە قۆناغی سۆڤیەتی و دوای سۆڤیەتیش پەیوەندی جوگرافی ناگۆرنی قەرەباخ و ئەرمینیا لە رێگەی خاکی ئازەربایجانەوە بووە، لەناو ناوچەیەکی دانیشتوانی تێکەڵاو کە بە (ناوچەی ئارام) ناودەبرا.

دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەتی راپرسییەکی گشتی بۆ دانیشتوانی ناگۆرنی قەرەباخ ئەنجامدرا و بەپێی راپرسییەکە دانیشتوانەکەی داوایـان کرد بچنەوە سەر ئەرمینیا. بەو هۆیەوە ئازەربایجان دەستی کرد بە هەڵمەتێکی پاکتاوی نەژدای دژی ئەرمەنەکان و بەتایبەتیش لە ناوچەی ئارام، ئامانجی لەو کارە دەرکردنی سەرجەم ئەرمەنەکانی ئەوێ بوو کە ژمارەیان کەمتر لە (150) هەزار ناگۆرنی بوو. هەروەها دەیویست ناوچەکەی بەتەواوی بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. لە بەرامبەریشدا ناوچەیەکی ئازەربایجانی هەیە کە لە رووی جوگرافیایەوە لە ئازەربایجان جیاکراوەتەوە و دەکەوێتە نێوان ئەرمینیا و ئێران و سنورێکی بەرتەسکی (8کم)ی هەیە لە ئەوسەری باکور لەگەڵ تورکیا و پێیدەوترێت (ناخشەوان). ئازەربایجان لە رێگەی ئەرمینیا و ئێرانەوە بەبێ هیچ بەربەستێك پەیوەندی بەو ناوچەیەوە دەکات، تەنانەت لەکاتی جەنگیشی لەگەڵ ناگۆرنی قەرەباخ.

**دانیشتوانی ناگۆرنی قەرەباخ دژی ئەوە بوون خاکەکەیان بخرێتە سەر ئازەربایجان و لە دژی پاکتاوکردنی نەژادی و ئاینی وەستانەوە. دەستیان دایە چەك و بەرگرییان لە خۆیان کرد بە یارمەتی سوپای نیزامی و خۆبەخشانی کۆماری ئەرمەنی.**

## جەنگی 1988 ـ 1994 و شکستی ئازەربایجان

رون و ئاشکرایە کە دانیشتوانی ناگۆرنی قەرەباخ دژی ئەوە بوون خاکەکەیان بخرێتە سەر ئازەربایجان و لە دژی پاکتاوکردنی نەژادی و ئاینی وەستانەوە. دەستیان دایە چەك و بەرگرییان لە خۆیان کرد بە یارمەتی سوپای نیزامی و خۆبەخشانی کۆماری ئەرمەنی. جەنگەکە لە 1988 تا ساڵی 1994 بە پچڕ پچڕی بەردەوام بوو، هەریەك لە روسیا و ئێرانیش پشتیوانی ئەرمینیایان کرد لەو جەنگە و ئەمەریکا و تورکیاش پشتیوانی ئازەربایجانیان کرد. هەرچەندە ئازەربایجان لە رووی جوگرافی و دانیشتوانەوە، دوو ئەوەندەی ئەرمینیا بوون، دابینکردنی بودجەی گشتی ئەو شەڕەش، بەتەنیا بودجەکەی زۆر لەوان زیاتر بوو. لە رووی سوپاشەوە ئازەربایجان ژمارەی سەربازانی زۆر زیاتر بوو لە ژمارەی سوپا بچوکەکەی ئەرمینیا، کەچی ئازەربایجان شکستی هێنا و زیانە مرۆییەکانی هەردوولا گەیشتە رێژەی 1 ـ 5. ئەوکاتە سوپای ئازەربایجانی ئامانجی پەلاماردانی (ستیباناگیرت)ی پایتەختی ناگۆرنی قەرەباخ بوو، بەڵام بەتەواوی شکستی هێنا و لە بەرامبەردا سوپا و خۆبەخشانی ئەرمەنی خۆیان ئامادەکرد بۆ هێرش کردنە سەر (باکۆ)ی پایتەختی ئازەربایجان و دەیانویست قاچەکانیان لەناو دەریـای قەزوین بشۆن. بەڵام پێش ئەوە و لەژێر فشارێکی زۆری نێودەوڵەتی جەنگەکە راگیرا، بەتایبەتی لەلایەن ئێران و روسـیـاوە، چونکە دەیانویست خوێن رشتن بوەستێت و دانوستاندن دەسـت پێبکات بۆ دۆزیـنـەوەی چارەسەرێکی سیاسیی ئاشتیانە بۆ ئەو کێشەیە. تورکیاش لەلای خۆیەوە پشتیوانی لە ئاگربەست دەکرد، چونکە دەترسا ئەرمینیا (لەگەڵ روسیا) بە مەبەست کێشەی ئەرمینیا بوروژێننەوە، کە رەگ و ریشەی دەگەڕایەوە سەردەمی عوسمانی.

## ئاگربەست ئازەربایجانی لە شکستێکی گەورە رزگارکرد

چاودێران باس لەوە دەکەن، کە لە گوند و شارۆچکەکانی ئەرمەنی، بە گۆرانی وتن و سەما و سرود وتنەوە، سەربازانی نیزامی و خۆبەخشان بەرێدەکران بۆ جەنگ. بۆیە هۆکاری شکستی ئازەربایجان دەگەڕێننەوە بۆ ئـەوەی ئەرمەنەکان بەرگرییان لە خاك و نیشتمانی خۆیان دەکرد، کەچی سەربازانی ئـازەری پاشەکشەیان دەکرد و بە ئاسانی شوێنەکانیان چۆڵ دەکـرد، چونکە دەیانزانی بەرگری لە خاکی خۆیان ناکەن، بەڵکو شەڕ لەسەر خاکێك دەکەن کە پێشتر داگیرکەرانی تۆرانی داگیریان کردووە. چەندین وڵاتی ئەوروپی و تورکیا و روسیا هەوڵیاندا فشار بخەنە سەر هەردوولا بۆ راگرتنی ئەو شەڕە و دەستەیەکی نێودەوڵەتی پێکهێنرا بە ناوی (کۆمەڵەی مینسك) کە دواتر ویلایەتە یەکگرتووەکانیش هاتە ناو ئەو دەستەیە، بۆ ئەوەی سەرپەرشتی ئاگربەستی نێوان هەردوولا بکەن و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بدەن بۆ ئەو ناکۆکیە. روسیا سەرۆکایەتی (کۆمەڵی مینسك) دەکات بە بەشداری ئەمەریکا و فەرەنسا.

## جـیـابـوونــەوەی نـاگـۆرنـی قـەرەبـاخ بەشێوەیەکی کۆتایی لە ئازەربایجان

لە کۆتایی جەنگی 1988 ــ 1994 دەرئەنجامێکی سیاسی روونی لێ هاتە ئاراوە، ئەویش راگەیاندنی کۆماری سەربەخۆی ناگۆرنی قەرەباخ بوو، دوای ئەوەی ئەرمینیا نەیتوانی لە خۆی بگرێت. کەچی لەلایەن هیچ وڵاتێکی جیهانەوە دانی پێدا نەنرا، لەوانەش خودی ئەرمینیاش. لەسەر ئەرزی واقیع ئەرمینیا لە هەموو بوارێکدا هەر وەك بەشێك لە خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکات. لە هەمان کاتدا ناگۆرنی قەرەباخ هەوڵدەدات وەك وڵاتێکی سەربەخۆ دانـی پێدا بنرێت. بـەردەوام ئەرمینیا هەوڵدەدات چارەسەرێك بۆ کێشەی ناگۆرنی قەرەباخ بدۆزێتەوە و کۆتایی بە کێشەی نێوان ئازەربایجان و خۆی بهێنێت و مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی ناگۆرنی قەرەباخ دەستەبەر بکات، چونکە تا ئێستاش هەر بە بەشێك لە خۆی سەیری دەکات و هەر لایەك دەستدرێژی بخاتە سەر بە دوژمنی خۆی هەژماری دەکات و بە زوڵمێکی سیاسی و مێژوویی تەماشای دەکات. کە هەر لە رۆژگارەکانی سەردەمی عوسمانیەوە ئەو زوڵمە پیادەکراوە.

## دۆخی نە جەنگ و نە ئاشتی

هەر لە ساڵی 1994ەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆش پارێزگاری لە سنوری نێوان ئازەربایجان و ناگۆرنی قەرەباخ و ئەرمینیا کراوە و هێمنییەك باڵی بەسەر دۆخەکەدا کێشاوە. بەڵام کێشەی ناگۆرنی قەرەباخ هەمیشە وەك بۆمبێکی دانراو وایە و کەس نازانێت چ کاتێك دەتەقێتەوە و چۆن دەتەقێتەوە، یان کەی پڵێتەکەی سەری بەیەکجاری هەڵدەگیرێت و ئارامی یەکجارەکی بۆ ئەو ناوچەیە دەستەبەر دەبێت.

## شکستی دوژمنکاریەکی نوێ

لەشەوی 2/1ی نیسانی ئەمساڵ، وەك پەیدابوونی هەورە بروسکەیەکی لەناکاو لە ئاسمانێکی روندا، بەبێ هیچ ئاگاداریەکی پێشوەخت و بێ هیچ هۆیەکی راستەوخۆ. هێزەکانی ئازەربایجان بەدرێژایی هێڵی رووبـەڕووبـوونـەوەی سەرەکی لە ناگۆرنی قەرەباخ، پەلاماری لای ئەرمەنەکانیان دا. بۆردومانی فرۆکە و تۆپبارانی موشەکی دەستی پێکرد. هەروەها لە پشت هێڵی بەرەکە هێز دابەزێنرایە خوارەوە. ئەو هەڵمەتە تەنیا بۆ سەر هێزە سەربازیەکانیش نەبوو، بەڵکو قوتابخانە و شوێنی چڕی دانیشتوانیشی گرتەوە. ژمارەیەك لە مناڵ و پیر و پەککەوتە بوونە قوربانی. گوێچکەی ئەو کوژراونە دەبـڕدران و دەبران (رەنگە بۆ وەرگرتنی پاداشتێکی مادی بێت) هاوشێوەی تاوانە قێزەوەنەکانی داعش و هاوشێوەکانی. ئەمەش ئاماژەیەکە لەسەر ئەوەی یان داعش بەشدارە لەو کارە، یان هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی سوپای نیزامی بکرێتە سوپایەکی داعشی. یان هەردووکیانە. ئەمەش مانای وایە کاردەکرێت تا ئازەربایجان بکرێتە بنکەیەکی تیرۆریستی داعشی ــ ئیسلامی. کە دواتر مەترسی گەورە بۆ سەر ئەرمینیا و ئێران و روسیا و ئەورووپاش دروستدەکات. هەرچەند هەرزوو سوپای ئەرمینیا وەڵامی ئەو هێرشەی دایەوە و سوپا

کەوتە حاڵەتی ئامادەباشیەوە و بە هــەزاران لە خۆبەخشان روویان کردە ناو سوپا. هێرشێکی پێچەوانە ئەنجام درا و هەرزوو کڵێسەش لەگەڵ مەسەلەی بەرگری لە نیشتمان هاتە سەر هێڵەکە و پیاوانی ئاینی بە جلوبەرگی ئاینیەوە دەستیان دایە چەك و هاوشانی سەربازەکان بوون. ئەو پێکدادانە چوار رۆژی خایاند، لە ئاسمان و بە تۆپ بەردەوام بوو، تا دواتر لەسەر داوایەکی روسیا راگیرا.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی ئازەربایجان ئەو سەرکێشییە بێ ئەنجامەی کـرد؟ بۆ وەڵامــی ئەو پرسیارەش چەند واقێك دەخەینە ڕوو:

1.سەرۆکی ئازەربایجان (ئیلهام عەلییف) لە ناوەراستەکانی ئازاری رابردوو سەردانی ئەنقەرەی کرد، تا لە کۆبونەوەی پێنجەمی ئەنجومەنی هاریکاری ستراتیژی تورکی ـ ئازەربایجانی ئامادەبێت. دواتر بەتەنیا لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆگان کۆبۆوە. بێگومان ئەو دووانــە لە (سوچێك ئاخێزاون) لە مەسەلەی ئەرمینیادا. پێدەچێت عەلییف داواکـەی ئەردۆگانی پەسەند کردبێت، کە داوای هاتنی ئازەربایجانی کردبوو بۆ ناو بنکەیەکی تورکی. بۆ رووبەرووبوونەوەی گەمارۆیەکی ئەرمەنی ـ ئێرانی ـ روسی بۆ سەر ئازەربایجان؟

2.لە یەکی نیساندا چوارەم لوتکەی ئەمنی ئەتۆمی لە واشنتۆن سازکرا و تێیدا عەلییف بەشداربوو، لەوێ هەلی بۆ رەخسابوو لەپێش و دوای لوتکەکە لەگەڵ گـەورە بەرپرسانی ئەمەریکا کۆببێتەوە.

هەندێك لە چاودێران بە دووری نازان کە عەلییف راوێژی بە (دۆستەکانی) ئەمەریکا کردبێت لەسەر پـرۆژەی تۆرانی (عوسمانی نوێ)ی ئەردۆگان. بۆ ئەوەی دووبارە جەنگێکی نوێ لەگەڵ ئەرمینیا بەرپا بکات، کە هاوپەیمانی سەرەکی روسیایە لە قەوقاز و پشتیوانی ئەمەریکاشی بۆ ئەو کارە دەستبەر کردبێت، تا هەم روسیا سەرقاڵ بکات و فشاری بخاتە سەر، هەم ئێرانیش. کە هاوپەیمانی سەرەکی ئەرمینیان. بۆ ئەوەی دەستبەرداری چەند مەسەلەیەك بن لە سوریا و لوبنان و عیراق و یەمەن.

## ئەرمینیا بێ دەنگ نابێت

لەلایەکی تریشەوە سەرۆکی ئەرمینیا «سێرج سارگیسیان»، ئازەربایجانی بەوە تۆمەتبارکرد کە پێشتر بە هاندانی تورکیاوە ئامادەکاری کـردووە بۆ ئەو کـارە. هەروەها وتی: ئەگەر ئەو پێکدانانە بچێتە خانەی شەڕێکی سەرتاسەری لەنێوان هەردوولا. ئەوا تەنیا هەڕەشە لەسەر ئارامی باشوری قەوقاز دروست ناکات، بەڵکو هەرەشە بۆ سەر ئەورووپاش دروسـت دەکـات، کە بەم دواییانە تووشی پەلاماری تیرۆریستی بۆوە. بۆیە لەم دۆخەدا ئەرمینیا ناچارە بەفەرمی دان بە کۆماری ناگۆرنی قەرەباخدا بنێت.

لەلایەکی دیکەوە، روسیا بە بێدەنگی ئامادەبونی خۆی لە ناوچەکە بەهێزدەکات لە بنکەی سەربازی روسی لە ئەرمینیا. بۆ ئەوەی ئامادە بێت بۆ هەر رووداوێکی نەخوزراو و لەناکاو. ئەزمونەکانی ئۆکڕانیا و سوریا و چەندی تر، بۆمان بەدیاردەکەوێت، کە زۆر ئەستەمە (ورچەکەی روسیا) بلەرزێت، هەرچەندە دان بەخۆیدا بگرێت و ئۆقرە بگرێت.

سەرچاوە: سایتی (الحوار المتمدن)

http://m.ahewar.org/s.asp?aid=513997&r=0&cid=0&q=&u=&i=0

# کوردستانی سور
# لە کێشمەکێشی نێوان
# ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا

ن: عەلی ئەسغەر فەریدی

ڕۆژنامەنووس لەماڵپەڕی روز ئۆنلاین

FOCUS

ناگۆرنیقەرەباخ بێجگە لە ئەرمەنی و ئازەرییەکان، شوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکانیشە. ئەم ناوچەیە لەسەردەمی یەکێتی سۆڤێتی جاراندا بۆ ماوەی شەش ساڵ کورد بە سەربەخۆیی کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەدەبرد.

لە ئێستادا کە کوردەکانی باشور و ڕۆژئاوای کوردستان بە پشتیوانی جیهان، شەڕی داعش و گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکانیتر دەکەن و لە تورکیاش ڕێکخستنی چەکدار و سیاسییان هەیە، لە ناوچەی ناگۆرنیقەرەباخ بڵاون و گیرۆدەی شەڕێک بوون، کە لە ئەگەری گەشەسەندنیدا بێجگە لە ئاوارەیی و قوربانی هیچ ئەنجامێکی بۆ کوردەکانی ناوچەکە نییە.

لە ساڵی 1994وە ئەمە توندترین ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستانە.